گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕێکخستنی کارگێڕی دادوەری و بەڕێوەبردنی لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان و سەلجوقییەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی (334-447ك/945-1055/447-590ك/1055-1191ز) لە عێراق و ئیران

## (تۆیژێنەوەیەکی بەراوەردکاری و شیکاریە)

**م.ی. هۆشمند باپیر عثمان**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

hoshmand.othman@su.edu.krd

**پ. د. ئاکۆ بورهان محمد**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

ako.muhamad1@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٤/٣/٢٤

پەسەندکردن:٢٠٢٤/٥/١٣

بڵاو کردنەوە:هاوین٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**

*Buwahid, Saljuk, Prince, Sultan, judicial.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.10

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ڕێکخستنی کارگێڕی دادوەری و بەڕێوەبردنی لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان و سەلجوقییەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی (334-590ك/945-1055ز) لە (عێراق و ئیران) ئاشنامان دەکات بە سیستەمی فەرمانڕەوای و کارگێڕی هەردوو دەسەڵات و خستنە ڕووی وێنای بەڕێوەبردینان، ئەویش لە ڕێگای بەدواداچوون و تیشك خستنە سەر سیستەمی فەرمانڕوایی و کارگێڕی دادوەری و خستنە ڕووی لایەنە جیاوازیەکان لە بەڕێوەبردنیاندا، ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە ناساندنی دادوەری لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەیەوە و دەست نیشان کردن و ڕێوڕەسمی دانانیان و مەرجەکانی هەڵبژاردن و کاروباری دادوەریەوە، کە تیایدا بەر پرسیاریەتی کارگێری دادوەری لە ماوەی هەردوو دەسەڵاتداری بووەیهیەکان و سەلجوقییەکان بەراوردکراوە و شێکراوی بۆکراوە لەگەڵ مووچەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاداشت بەرامبەر بە ئەرکی دادوەریان. لە کۆتایشدا ئەنجام و سەرچاوەکان خراونەتە. میتۆدی توێژینەوەکە: بەراوردکاری و شیکارییە ڕێبازی مێژوویی بەکار هاتووە، بە پشت بەستن بەکتێبی بەردەست و بەراوردکرنیان لەگەڵ یەکتر دەربارەی خستنە رووی زانیاریەکان لەسەر سیستەمی فەرماڕەوایی دادوەری لەماوەی هەردوو دەسەڵاتدا .

## پێشەکی :

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ڕێکخستنی کارگێڕی دادوەری و بەڕێوەبردنی لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان و سەلجوقییەکان لە ماوەی نێوان سالانی (334-590ك/945-1055ز) لە عێراق و ئیران) ئاشنامان دەکات بە سیستەمی فەرمانڕەوای و کارگێڕی هەردوو دەسەڵات و خستنە ڕووی وێنای بەڕێوەبردینان، لەبەر ئەوەی پایەی دادوەری پیگەیەکی گرنك و تایبەتی خۆی هەیە لە نێو سیستەمی فەرمانڕەوایی و کارگێریی و بەڕێوەبردندا، بەتایبەت لە بواری سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، چونکە لەهەمان کاتدا وێنای ئەو دەسەڵاتە سیاسیە دەکات کە لە ژێر فەرمانڕەوایەتی ئەودا بووە، چونکە تایبەتە بە نەهێشتنی زەبر و ستەم و بەرقرارکردنی دادگەریی و گێڕانەوەی مافە بۆ خاوەن ماف، ئامانجی دابینکردنی ئاشتی و ئارامی و سەلامەتییە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا و دەستەبەری خۆشگوزەرانی دەکات بۆ خەڵك، بۆیە دادوەری لە نێو یاسا و ڕێساکانی ئیسلام شوێنێکی باڵای هەیە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات شوێن پێی پێگەی بەرپرسیارەیەتی دادوەری بگرێت و تیشك بخاتە سەر گرنگی کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی لە عێراقی پایتەختی خیلافەی عەبباسی و ئیرانی سنوری دەسەڵاتیان لە ماوەی هەردوو دەسەڵاتداری بووەیهیەکان و سەلجوقییەکاندا. ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە ناساندنی دادوەری لە ڕوی زمانەوانی و زاراوەیەوە و دەست نیشان کردن و ڕێوڕسمی دانانیان و مەرجەکانی هەڵبژاردن و کاروباری دادوەریەوە، کە تیایدا بەر پرسیاریەتی کارگێری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دادوەری لە ماوەی هەردوو دەسەڵاتداری بووەیهیەکان و سەلجوقییەکان بەراوردکراوە، لەگەڵ مووچەو پاداشت بەرامبەر بە ئەرکی دادوەریان.

## ڕێکخستنی کارگێڕی وبەڕیوەبردنی دامودەزگای ئایینی:

### یەکەم: کارگێڕی القضاء (دادوەری):

لەڕووی زمانەوانی: بەچەند واتایەک دێ هەروەک لەم چەند ئایەتەی قورئانی پیرۆز خودای گەورە فەرموویەتی{ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ } (أحزاب/23)، بەمانای مردن یاکۆتایی پێهێنان دێت { وَقَضَى رَبُّكَ} (الأسراء/23)، بەمانای حوکم یان ئەرک دێت {فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا} (الأحزاب/37)، بەمانای وازهێنان (اكتفى) دێت.

لەرووی زاراوەیی: بەواتای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان دێت ئەمەش پیشانی ڕۆڵی دادوەری دەدات، بەمەرجێک ڕۆڵی دادوەری بەپێ ی، ئەحکامە شەرعییەکان جێبەجێ بکرێت کە لەقورئان و فەرمووده هاتووە (ابن خلدون، 1981،ج275/1).

ئەو کەسانەی ئەم پۆستەیان پێدەسپێدرا، مەرج و تایبەتمەندی خۆیان هەبوو ئەم پۆستە بەکەسانێك دەدرێت کە مەرجەکانی ژیری و شارەزایی و لە شەرع و بنچینەی ئاینی و دادپەروەری و سەلامەتی لاشەو هەستەکانی تێدابێت (الماوردي،د.ت/138-139؛ أبو يعلي الفراء، 66-65/2000)، دادوەری بە یەکێك لە بەرزترین پایە ئاینییەکان دادەنرێت، چونکە تایبەتە بە نەهێشتنی زەبر و ستەم و بەرقرارکردنی دادگەریی و گێڕانەوەی مافە بۆ خاوەن ماف، ئامانجی دابینکردنی ئاشتی و ئارامی و سەلامەتییە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا و دەستەبەری ئاسودەیی دەکات بۆ خەڵك، بۆیە دادوەری لە نێو یاسا و ڕێساکانی ئیسلام شوێنێکی باڵای هەیە (القلقشندي، 1985،ج77/1)، ئەو بابەت و سکاڵایانەی کە دادوەر سەیری دەکردن ئەوانە بوون کە پەیوەندییان بە یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و ململانی و بڕینەوەی شەڕو سەندنەوەی ماف و بابەتی دیکە، بە نمونە وەك مارەیی و تەڵاق و میرات و وەسیەت و دزی و زینا شتانی دیکەوە هەبووە،وا باو بوو کە خەلیفەکانی عەبباسی هەڵساون بەدەستنیشانکردنی کەسێك بۆ پۆستی دادوەری و هەموو ناوچەکانیووڵاتی پێدەبەخشی دادوەرەکەش هەڵساوە بە دەست

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نیشانکردنی دادوەری تر لە هەموو ناوچەو هەرێمەکان بۆیە بەم دادوەرە دەگووترا (قاضي القضاة) (دادوەری دادوەران) (القرماني،1992،ج154/2).

لەسەرەتای هاتنی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان(334ك/945ز) بۆ عێراق خەلیفە دەسەڵاتی تەواوی هەبوو لە دانانی(قاضي القضاة) دادوەری داوەران، کە ئەویش دادوەری سەر هەرێمەکانی دادەنا(ابن الجوزي، المنتظم،1992،ج137/14)، بەڵام لە ساڵی (350ک/961ز) (معزالدولة (م:356ك/966ز)ی بووەیهیی دەستیگرت بەسەر ئەومافە ئاییندەی خەلیفەی عەبباسی لەدانانی دادوەر، کاتێک (أبو العباس بن عبدالله بن أبی الشوارب)(350_352ك/961-963ز) دانا بەدادوەری دادوەران بەبێ ویست و ڕەزامەندی خەلیفە، لەبەرامبەر بە پێدانی دووسەد هەزار درهەم ساڵانە بە معزالدولة (الهمذاني، 179/1958؛ ابن الجوزي، 1992،ج133/14؛ ابن الاثیر، 1997، ج234/7) ، هەرچی لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکانە دوای مردنی دادوەری دادوەران (أبو عبد الله الحسين بن على بن ماكولا) لە ساڵی (447ك/1055ز)(ابن الجوزي،1992،ج137/14).

ڕاستەوخۆ دوای هاتنی سەلجوقییەکان بۆ عێراق دەستوەردانی وەزیری سەلجوقییەکان لە هەڵبژاردنی دادوەری دادوەران بەدیکراوە (الانباري،178/1987)، وەك دانانی (أبي عبد الله محمد بن الدامغاني) (م:478ك/1085ز) بە دادوەری دادوەرانی شاری بغداد (الأصبهاني، 42/2019؛ البنداري، 10/1900)، هەرچی (ابن الجوزي) بۆچوونی وایە کەدانانی (الدامغاني) بە سەرۆکی دادوەری داوەران، بەفەرمانی خەلیفە بووە، مەبەستیش لەمە بەدیهێنانی ویستی وەزیری سەلجوقی (الكندري) بوو، کە زۆر پەیوەست بوو بە دانانی کەسێك لە ئاینزای (مذهب)ی (الحنفي) (1992، ج251/16)، دەگەڕێنەوە بۆ پێشەوای ئەهلی سونە(ابو حنيفة بن النعمان بن ثابت بن زوطي) (م:80ك/699ز)(ابن النديم، 251/1997).

لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان دەربارەی یەکەی کارگێڕی دادوەری بەسەر ناوچەکانەوە، جیاوازی بەدی دەکرێت. وەك  شاری بغداد و دەوروبەری بەسەر چوار ناوچە دابەش کرابوو، هەریەك لەم ناوچانە دادوەرێکی بەسەرەوە دانرابوو(مسكويه، 2002،ج449/6؛ سبط ابن الجوزي،2013،ج527/17؛ السيوطي، 290/2004)، هەرچی هەرێمی (فارس) بووە، یەك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دادوەری دادوەران بەدیکراوە بەسەر ناوچەکەوە (الشیرازي، 122/1970؛ ابن الجوزي،1992،ج268/14)، بەهەمان شێوە (عبد الجبار بن أحمد بن عبدالجبار بن الخليل)(م:415ك/ 1024ز) وەك دادوەری دادوەران، بەسەر ناوچەکانی (الري) و(همذان)و(الجبال) دانراوە(الصاحب بن عباد،د.س/42؛ الرافعي، 1987،ج119/3)، هەروەها (أحمد بن الحسين بن علي) (م:373ك/ 983ز) وەك دادوەری داوەران بەسەر (خراسان)وە بووە لەپەیرەوانی مەزهەبی (أبو الحنيفة)*بوو (النيسابوري، 128/2006)، لەبەر ئەوەی عێراق ناوەندی دەسەڵات نەبوو بەڵکو ناوەندی دەوڵەت لە فارس بوو چونكە دادوەری دادوەران لەوێ نیشتەجێبوو (ادم متز، 1941،ج63/1).

بەڵام ووشەی (قاضي القضاة) چیتر ئەو واتایەی نەما کە بەر لەهاتنی بووەیهیەکان هەیبوو، کاتێك کە خەلیفە دادوەری دادوەرانی بەسەر ناوچەیەکەوە داناوە ئەویش هەڵساوە بەدەستنیشانکردنی دادەور بەسەرناوچەکانەوە، بەڵام لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکاندا زیاتر لە(قاضي القضاة) دادوەری دادوەران بەسەر ناوچەیەك هەبووە، تەنانەت لەیەك ناوچەدا چوار دادوەر هەبوون کە بەهەریەکەیان دەگوترا (قاضي القضاة) دادوەری دادوەران (السيوطي،290/2004)، ڕەنگە ئەمە یەکێك لەهۆکاری دەرکەوتنی پۆستێکی نوێبێت کەو ئەویش(أقضى القضاة) وە یەکەم کەسێك کە ئەم ئەرکەی پێسپێردرابێت (أبي الحسن علي بن محمد بن حبيب البصري البغدادي الماوردي) (364-450ك/974-1058ز)(ياقوت الحموي،1993،ج5 /1955).

لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان ئەوا لەڕێگەی دادوەری داوەرانەوە دەست نیشانی دادەوری سەرناوچەکانیان دەکرد، بغدادیان دابەشکرد بەسەر چەند ناوچەیەك(ابن الجوزي، 1992،ج158-157/16)، وەك (باب الطاق) گەڕەکێکی گەورەی شاری بغداد بوو کەوتبویە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە( ياقوت الحموي، 1995، ج308/1) سپارد بە دادوەر(أحمد بن محمد بن أحمد ابو الحسين السمناني)(384-466ك/994-1073ز)(ابن الجوزي، 1992،ج158-157/16)، هەروەها دانانی دادوەر بەسەر ناوچەی (باب الأزج) لە ڕۆژهەڵاتی شاری بغداد و شاری (واسط)یش دانراوە(ابن رجب،2005، ج97/2)، تەنانەت کارگێری دادوەری

سەربەخۆ لە دادوەری دادوەرانی عێراق ئەرکیان ڕایکردووە، ئەمەش بەهۆی سەرکەوتوویی و لێهاتویی لە ئەرکی دادوەریەوە، بۆیە ئەو ئەرکەشیان سپارد بە( أحمد بن محمد بن صاعد بن محمد بن أبو نصر الحنفي)(410- 482ك/ 1019- 1089ز) وەك دادوەری دادوەران بەسەر سنوری ئەو دیوو رووباردا (الصيرفيني، 138/1982-139)، ئەوەی جێگەی سەرنجە هاوکات (أبي عبد الله محمد بن الدامغاني) (398_ 478ك/1007- 1085ز) دادوەری دادوەران بوو لە عێراقد(الاصبهاني، 42/2019؛ البنداري، 10/1900).

**ڕێورەسمی دانانی دادوەری:**

وا باو بوو کە خەلیفەکانی عەبباسی هەڵساون بەدەست نیشانکردنی کەسێك بۆ پۆستی (قاضی القضاة) (دادوەری دادوەران) (القرماني،1992،ج154/2)، بەڵام لە ساڵی (350ک/961ز) (معزالدولة) بووەیهیی دەستیگرت بەسەر ئەومافە ئایینەی خەلیفەی عەبباسی لە دانانی دادوەر، کاتێک (أبو العباس بن عبدالله بن أبی الشوارب)(350-352ك/961-963ز) دانا بەدادوەری دادوەران(الهمذاني،1958/ 179؛ ابن الجوزي، 1992، ج133/14؛ ابن الاثیر، 1997،ج234/7)، بووەیهیەکان لە عێراق ئەرکی دادوەریان ڕاسپارد، کە ئەمیش بۆیەکەم جاربوو لەمێژووی خەلافەی عەبباسی پۆستی دادوەری ساڵانە بەرامبەر بە بڕی دووسەد هەزار درهەم بدرێت، چونکە لە ڕابردوودا هیچ شتێکی وا نەبیسترابو نەکرابوو(التنوخي، 1971، ج325/6؛ النويري، 2002، ج190/23)، لە کاتی پێدانی پۆستەکە(خلع) دەستەیەك لە دەهۆڵ و زوڕنا ژەنی فەرمیی دەسەڵات و پیاوانی تورك و سوپا ئامادە بوون(التنوخي، 1971،ج325/6؛ النويري، 2002،ج190/23)،.

بەڵام لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان دوای هاتنیان بۆعێراق خۆێندنەوە و پێدانی (خلع) و بۆ دادوەری دادوەران لەلایەن خەلیفەی عەبباسییەوە بوو دواتر لەلایەن سوڵتان(طغرلبك) (خلع) ی پێدراوە و پەیمانی بۆ خوێندراوەتەوە لەگەڵیدا ئەسپ و دەستەیەك پۆشاکی پێ ی بەخشراوە (الاصبهاني،42/2019؛ ابن الجوزي، 1992،ج251/16)، دەستوەردانی وەزیر (عمید الملك الكندري)(م:456ك/1063ز) لە هەڵبژاردنی سەرۆکی دادوەری دادوەران بەدیکراوە

(الانباري،178/1987)، هەروەك دانانی (أبي عبد الله محمد بن الدامغاني) (398-478ك/1007-1085ز) بەدادوەری دادوەرانی شاری بغداد (الاصبهاني،42/2019؛ البنداري،10/1900).

لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان خەلیفە (المطيع لله) (334_363ك/ 945-973ز)ی عەبباسی دوای ئەمە چیتر ڕێگەی بە(أبو العباس بن عبدالله بن أبى الشوارب) نەدا بڕواتە بارەگاکەی و لەبەر ئەو کارەی، لە هاونشینی خۆی دوری خستەوە (ابن الاثير،1997،ج234/7؛ سبط ابن الجوزي،2004،ج330/17؛ السيوطي/288)، دوای ئەوەی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە(350-352ك/961-963ز) بەسەر ئەرکی دادوەریەوە مایەوە دواتر لە ئەرکی دادوەری دورخرایەوە (التنوحي،1971،ج243/4؛الخطيب البغدادي،ج108/13)، بەڵام (أبي عبد الله محمد بن الدامغاني) دادوەری دادوەران بۆماوەی سی ساڵ بەسەرئەرکەکەی مایەوە(ابن الجوزي، 1992،ج251/16؛ سبط ابن الجوزي،2004،ج401/19).

دوای ئەمە دادوەری دادوەران (أبو العباس بن عبدالله بن أبى الشوارب) (350-352ك/961-963ز) بەردەرگای چوڵ نەبوو، لە دواکاری بەردەوامی (معز الدولة)(334-456ك/ 945-966ز) بۆ وەرگرتن و سەندنی پارە لیێ(الكندي،1908، 544-545)، لەبەر ئەوەی بەرپرسیاریەتی ئەم ئەرکەی بە دووسەد هەزار درهەم پێی درابوو(التنوخي،1971،ج325/6؛ النويري،2002، ج190/23) بەڵام دواتر(أبو عبدالله محمد بن الحسين الحسنى) ناسراو بە (الداعي العلوي)(م:360ك/970ز) بەناوی ماڵباتی عەلەوەیەکانەوە داوای لە (معزالدولة) کرد کە چیتر دەست لە کاری دادوەریەوە وەرنەدات(الكندي،1098، 544-545؛ الهمذاني، 184/1958)، لە دوای ئەمەوە هیچ ئاماژەیەك نیە بەدەست وەردانی (معز الدولة) لەکارو باری کارگێڕی دادوەریدا.

دواتر لە شوێنی ئەو (أبو بشر عمرو بن اكثم بن احمد بن حيان) (284- 356ك/897-966ز) دەست نیشانکرا، ئەرکی دادوەریان پێسپارد(التنوخي، 1971، ج4/ 243؛ الخطيب البغدادي، 2002،ج108/13)، فرمانی کرد بە هەڵوەشاندنەوەی دەفتەر و داوەری(أبو العباس بن عبدالله بن أبى الشوارب) بەکار نەهێنانی(مسكويه،2002 ،ج238/6؛ ابن الاثير، 1997،ج234/7؛ ابن كثير، 1997، ج262/15)، لە کارگێری دادوەریدا. لەمەوە دەردەکەوێت بە هۆی دەست تێوەردانی (معز الدولة) لە کارگێڕی دادوەری، لەماوەی ساڵانی نێوان (350-352ك/961-963ز)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرچوون بووە لە کتێبەکانی ئەحکامی شەرعی ئیسلام. بەڵام لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان هیچ رووداوێکی لەم شێوەیە ئاماژە پێی نەکراوە.

دانانی دادوەر لە پۆستەکەیدا تەنها لەدەسەڵاتی خەلیفەدا بووە بە واتای ئەوەی بەبێ ڕەزامەندی خەلیفە دادوەر شەرعیەتی نیە (الماوردي،1971،ج139/1)لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان دوای بەخشینی پێدانی (خلع)و داوا دەکرێت لە (أبو الحسن محمد ابن صالح بن ام شيبان)(363-364ك/973-974ز) بە وەرگرتنی ئەرکی دادوەری دادوەران، ناو براو هەندێك مەرجی خستە روو بۆیان، ئەوانیش قبوڵیان کرد، دوای ئەمە (محمد بن بقية)(م:367ك:977ز) وەزیری میری بووەیهیی لەگەڵی ئامادەبوو لەو گفت و پەیماننامەیدا لەبەردەم خەلیفە (المطيع لله)(301-364ك/913-974ز)و، دوای ئەوەی ئەو گفتو پەیمانە لە مزگەوتدا خوێندرایەوە(الهمذاني، 213/1958)، هەرچی ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکانە دەست وەردانی تەواو هەبووە لە دانانی کەسێك لە بەڕیوەبردنی ئەرکی دادوەریدا، ئەویش دانانی (أبي عبد الله محمد بن الدامغاني)(398-478ك/1007-1085ز) یە لەم پۆستەدا، دوای دەست نیشانکردنی لەلایەن وەزیر( عميد الملك الكندري) (م:456ك/1064ز) بۆ وەرگرتنی ئەرکەکەی دوای پێبەخشینی (خلع) لەلایەن خەلیفەوە روو دەکاتە لای سوڵتان (طغر لبك)(م:455ك/1062ز) و فرمانی دەست بەکار بوون و (خلع)ی پێ دەبەخشرێت (الاصبهاني،42/2019؛ ابن الجوزي، 251/1992،16).

بایەخدانی خەلیفە بۆپێگەی دادوەری هەڵوێستێکی گرنکە، چونکە پەیوەستە بە لێکۆلینەوەو بەدەست هێنانی دادپەروەری لە نێوان موسلمانانداا، جگە لەمەش کارێکە پەیوەندارە بەوەوە، چونکە بەرپرس و سەرپەرشتیارە لەدانانی دادوەریدا، بۆیە وا هەست دەکرێت کە ئەم دادوەرە(أبو العباس بن عبدالله بن أبى الشوارب) بەهۆی ئەم هەڵس و کەوتە نەشیاوەی بۆ ئەم پۆستە گونجاو نەبێت، چونکە پێویستە کەسێکی راستگۆ هەڵبژێرێت کە دادپەروەری و ڕاست و ڕەوانی لە نێوان موسلمانەکان پیادە بکات(سعاد هادي، شيماء فاضل، 22/2010).

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ماوەی دەسەڵاتی (عز الدولة بختيار)(367-456ك/ 966-977ز) شێوازێکی تر بەدی دەکرێت لە هەڵویست بەرامبەر بە کارگێری دادوەری، ئەمەش لە ساڵی

(365ك/975ز)دا دوای ئەوەی(أبو محمد بن معروف) (م:369ك/979ز) دادوەری دادوەران لەماڵی(عز الدولة بختيار)(م:367ك/977ز) ئامادە دەبێت، بۆ ئەوەی سەیری حوکمەکان بکات، چونکە (عز الدولة بختيار) پیشنیاری ئەوەی بۆ کرد، بۆ ئەوەی حوکمەکان ببینێت و بزانێت چی لە ئەنجومەنی کارگێڕیەکەوە دەگوزەرێت(ابن الجوزي، 1992،ج243/14؛ 229/2007؛ ). دەکرێت بڵێین دەست وەرنەدان لەکاروباری دادوەری لە بەر هەر هۆکارێك بێت لەماوەی دەسەڵاتداری (عز الدولة بختيار) بووەیهیی، وایکردووە کە دادوەر پەیوەست بێت بە کتێبە ئەحکامە شەرعیەکانەوە، لە بەڕێوەبردنی سیستەمی کارگێڕیی دادوەریەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان هیچ ئاماژەیەکمان بەرچاو نەکەوتووە دەربارەی ئەوەی کە سوڵتانە سەلجوقیەکان بانگێشتی دادوەری دادوەرانیان کردبێت بەمەبەستی سەیرکردن و چاودێریکردنی بەرێوەبردنی دەسەڵاتی کارگێریان.

لەماوەی فەرمانڕەوایەتی (عضد الدولة)( 338-372ك/949-982ز) بووەیهیدا کارەکە ڕەهەندێکی تری وەرگرت. ئەمەش دوای بەخشین و پێدانی دەسەڵاتی رەها لە لایەن خەلیفە(الطائع لله)(363- 381ك/ 973-991ز) بە (عضد الدولة) کەهیچ شتێکی لێ هەڵوێرنەکراوە ودەسەڵاتی تەواوی پێی سپارد، ئەمەش بووە هۆی بەکار هێنانی دەسەڵاتی لە دانانی دادەوریدا(الصابئ،125/1964)، دوای ئەمە لە ساڵی ( 369ك- 979ز) هەڵساوە بەلادانی دادوەری دادوەرانی خەلیفەی عەبباسی و،دانانی دادوەری دادوەرانی نوێ لە شوێنی(ابن الجوزي، 1992،ج268/14؛ الذهبي،2006، ج190/8)، بەسەر عێراق و فارس وسەرجەم کارەکانی (عضد الدولة) دا(الشيرازي، 122/1970).

بۆ چوونی توێژەرێك لەم بارەیەوە وایە کەوا (عضد الدولة) پۆستی دادوەری داوەرەکانی بغداد و فارسی تێکەڵ کردۆتەوە، لەبەر ئەم هۆکارەشی ناوی لێناوە دادوەری دادوەرانی فارس و عێراق، کەئەمەش وێنایەکی زۆرداریيە لە لایەن دەسەڵاتداری بووەیهیەکانەوە لە دامەزراوەی دادوەری(ادم متز، 1941،ج412/1)، دەکرێت بڵێین ئەمە دروستە بە ڵگەشمان بۆ ئەمە بۆچوونی (الماوردي)یە لەبارەی دانانی دەسەڵاتی دادوەری لەلایەن خەلیفەوە(1971،ج139/1) دەگوترێت (عضد الدولة) کاروبارەکانی بە کەسە شیاوەکان دەسپارد وە ڕێگەی نێوەندگیری لە

کەسە نەشیاوەکان گرتووە (ابن الاثیر، 1997،ج391/7)، هەروەك لەم بارەیەوە ئاماژەی کراوە کەوا (أبا زهیر بن أسفار بن کردویە) سەرکردەیەکی سەربازی(عضد الدولة) بوو داوا کردووە لە میری بوەیهیی کەوا دەستوەردان بکات لەدامەزرادنی یەکێك لەو کەسانەی کە جێگەی بایەخی بووە، داوایکرد لیێ کە بچێتە لای قازی و داوای لێبکات کەوا بە بەڵگەکانی ڕازیبێت، بەڵام وەڵامی میری بوەیهیی لەم بارەیەوە نەرێنی بووە، پێی دەڵێت هەرکات قازی دادپەرەوری لە کەسێکدا ببینێت و هەرکەسێك شیاوی پۆستەکە بێت بە بێی هیچ نێوەند گیریەك دادەنرێت(ابن الاثیر، 1997،ج391/7؛ النویري،2002،ج223/26). ئەوەی تێبینی دەکرێت سەلجوقییەکان بەر لەهاتنیان بۆ عێراق ئاشنای دەسەڵاتی دادوەری بوینە. ئەمەش دوای سەرکەوتنیان بەسەر غەزنەویەکان و ڕاگەیاندنی سەڵتەنەتیان، تەنانەت سوڵتان (طغر لبك)(355-385ك/ 995-1063ز) ڕاوێژ دەکات بە(القاضي صاعد) زانای بواری ئایینی شارەکە لە بەڕێوەبردن (البیهقي،604/1999)، دەکرێت بڵێن ئەمە یەکەم ئاشنا بوونی دەسەڵاتدار سەلجوقییەکانە بە دادوەری لە شاری نیسابور(البیهقي،604/1999)، دوا ئەمەش هەر لە ماوەی دەسەڵاتی سوڵتان(طغر لبك)(355-385ك/ 995-1063ز) ئاماژە بە(أبي یحیی بن سعد بن صاعد) (م:460ك/1067ز) کراوە وەك دادوەر بەسەر شاری (الري) و دەورو بەری و بەشێك لە (نیسابور) (الاصبهاني،51/2019؛ سبط ابن الجوزي،2004 ،ج112/19).

لە ماوەی دەسەڵاتدار بوەیهیەکان سیستەمی فەرمانڕەوایی وکارگێری هەرێمی چیایە، سەربەخۆ بوو جیاوازبوو لە هەرێمی فارس و عێراق، ئەوەتا میر(مؤید الدولة) (م:373ك/983ز) بوەیهیی لەکاتی دانانی ئەرکی دادوەری، ڕاستەو خۆ بەفەرمانی خۆی بە بێی گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی خەلیفە فەرمان دەکات بە دانانی دادوەر بەسەر ناوچەکانی هەرێمی چیا (الصاحب بن عباد، 42/1947)، وەك هاتووە دەڵێت:(( لە مؤید الدولة أبو منصور بن رکن الدولة (366-373ك/976-983ز) پشتگیری میری باوەرداران ئەم ئەرکەی سپارد بەفلان، بەفرمانی میری باوەڕداران(الصاحب بن عباد، 42/1947).

بەهۆی بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایەتی لەسەر دەست درێژی میرەکانی بوەیهیی بۆ سەر دەسەڵاتی دادوەری لە دانان ولادانیان کە مافی خەلیفەبووە دە گووترا:((گرێ بەست و دانانی

دادوەری ڕێپێدراو نییە تەنها لەلایەن خەلیفەوە نەبێت))(الصابئ،125/1964)، هەر ئەمەش پاڵی بە(صمصام الدولة )(م:388ك/998) نا لە کاتی دەرکردنی فرمانەکانی بەم دەستەواژەیە بەناوی خەلیفەوە دەربکات کە بڵێت:((صمصام الدولة، ئەم ئەرکەی سپارد بەفلان، بەفرمانی ئەمیری باوەڕداران)) (الصابئ،125/1964)، دەکرێت بڵێن ئەمە هەوڵدانێك بووە بۆ پۆشینی دانان و دامەزراندنی دادوەر بە بەرگێکی شەرعیەوە وادەردەکەوێت لەماوەی دەسەڵاتی عضد الدولة دانانی دادوەر بە بێی گەڕانەوە بۆ خەلیفەی عەبباسی لە بنەڕەتدا دەرچوون نەبووە لە ئەحکامە شەرعیەکان، چونکە لە لایەن خەلیفەوە دەسەڵاتی تەواوەتی پێسپێردراوە هەرچی (صمصام الدولة)ی کوڕی بوو ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی لە لایەن خەلیفەوە پێی نەبەخشرابوو، بۆیە لەکاتی دەرکردنی فەرمانەکانیدا دەستەواژەی بە فەرمانی خەلیفە بەکار هێناوە(الصابئ،125/1964)، ئامانج لەمەش شەرعیەتدان بوو بە دەسەڵاتەکەی.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان بەتایبەت لەماوەی دەسەڵاتی سوڵتان(ملکشاە) شێوازێك لە (تفویض) ڕێپێدان لە (بلاد ما وراء النهر)، بە دەسەڵاتی دادوەری بەدیکراوە لە کارەکانیان بە بێ گەڕانەوە پرس و ڕەزامەندی خەلیفە، بەڵکو سەربەخۆ لە دادوەری دادوەرانی عێراق ئەرکی دادوەری دادوەریان ڕایکردووە، هەروەك کاتێك سوڵتان (ملکشاه)) ئەم ئەرکەی سپارد بە( أحمد بن محمد بن صاعد بن محمد بن أبو نصر الحنفي)(410-482ك/1019-1089ز) وەك دادوەری دادوەران (الصریفیني، 138/1982-139)، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە هەمان کاتدا (أبي عبد الله محمد بن الدامغاني)(398- 478ك/1007-1085ز) دادوەری دادوەران بوو لە عێراق(الاصبهاني،42/2019؛ البنداري،10/1900)، لێرەدا ئەومان بۆ ڕۆن دەبێتەوە کە دەسەڵاتدارە سەلجوقییەکان پێچەوانەی بووەیهیەکان بوون لەوماوەیەدا لە دانانی دادوەری دادوەران بەسەر ئەوناوچانەوە نەگەڕاونەتەوە بۆ پرس و ڕاویژ بە خەلیفە، لەمەشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەلجوقییەکان جگە لە سەپاندنی هەژموونی دەسەڵاتی سیاسیی، توانیویانە دەست بگرن بەسەر دەسەڵاتی ئاینی خەلیفەش، لە دانان و دەست نیشان کردنی ئەرکی دادوەری بەسەر ناوچەکانی سنوری دەسەڵاتیانەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە کۆتایەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی، خەلیفە (القادر بالله)(381-422ك/973-1030ز) هەوڵیدا هەژموونی دەسەلاتی بەهێزبکات، ئەمەش دوای جێهێشتنی عێراق لە لایەن (بهاء الدولة)(م:403ك/1012ز) ئەویش بەدانانی جێگرێك لە شوێنی خۆی بۆکارو باری عێراق (ابن الاثیر،1997،ج438/7)، بەڵام ئەمە نەبووە ڕێگر لەهەمبەر دەستەوەردانی میری بووەیهیی لە هەوڵی سەپاندنی دادوەری دادوەران، ئەوەتا (بهاء الدولة) لە (شیراز) وە هەوڵی دانانی (الشریف أبا احمد الحسین بن موسى الموسوي)(م:406ك/1015ز) وەك دادوەری دادوەران و چاودێری سکاڵاو بەرپەرسیارەتی حەج و نەقیبی تالبیەکان، بەسەر شاری بغدادوە، بەڵام لەلایەن خەلیفە (القادر بالله) وە ڕەتکرایەوە(ابن الجوزي، 1992،ج43/15؛ ابن الاثیر،1997، 537/7؛ سبط ابن الجوزي، 2004، ج142/18)، سەرەڕای هێزو دەسەڵاتی گەورەی (بهاء الدولة) بووەیهیی (ادم متز، 1941،ج398/1). ڕەنگە هۆکاری ڕەتکردنەوەکەی بۆ ئەوەبێت کە ناوبراو لە عەلەویەکان بووە، بۆیە تەنها مافی پێدانی دەسەڵاتی وەك نەقیبی عەلەویەکان چاودێری سکاڵاو حەجی پێدا(ابن الجوزي، 43/1992،15؛ الذهبي، 2003، ج687/8؛ ابن تغري بردي، 2009، ج210/4)، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەگەڵ ئەوەی کە دەسەڵاتداری بووەیهیەکان لە پەیرەوانی ئاینزای شیعە بوون، بەڵام نەیانتوانی هیچ کەسێك وەك دادوەری دادوەران لە پەیرەوانی ئاینزای خۆیان بۆ ئەم ئەرکە دابنێن.

هەرچی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکانە ئەمان خۆیان بە پێشەواو پارێزەری سونی مەزهەب دادەنا، ئەوەش وایکرد کە خەلیفەی عەبباسی نەتوانێت لەسەر بنەمای مەزهەبی بەرامبەر بە دەسەلاتداری سەلجوقییەکان بوەستێتەوە (صفیة سعادة، 107/1988)، ڕووداوێك کە تیشك دەخاتە سەربەهێزی پەیوەندی نێوان سەلجوقییەکان و دەسەڵاتی دادوەری کە ئەویش خۆی لەخوازبێنی کچی خەلیفەی عەبباسی دەبینیەوە، بۆ سوڵتان(طغر لبك)، ئەوەی بەم ئەرکە هەڵسا (القاضي الصاعد) ی دادوەری شاری (الري)بوو(الاصبهاني، 50/2019-51؛ البنداري، 18/1900).

ئەوەی جێگەی سەرنجە میری بووەیهیی (بهاء الدولة)(م:403ك/1012ز) جارێکی دیکەش هەوڵیدا کە دەست وەربدان بکات لە دانانی دادوەری دادوەران ئەویش لە ڕێگەی جێگرەکەی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عێراق دوای ئەوەی مردنی دادوەری دادوەرانی خەلیفەی قۆزتەوە، بەمەش هەڵساوە بە دەستنیشانکردنی چەندکاندیدێك بۆ پۆستی دادوەری دادوەران، و ناردنی لیستی ناوەکان بۆ خەلیفە، بۆ ئەوەی یەکێکیان لەنێودا هەڵبژێرێت، خەلیفەش یەکێك لەناوەکانی هەڵبژارد(ابن الجوزي،1992، ج103/15)، هەرچی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکانە بەتایبەت سوڵتان(ملکشاه) (485ك/1092ز) هەڵساوە بە دانانی دادوەری دادوەران بەسەر ناوچەکانی دوای ڕووبار(بلاد ماوراء النهر) و پێدانی دەسەڵاتی تەواو سەربەخۆ بە دادوەری دادوەران لە دانان و لادانی دادوەر لەسەر ناوچە و شارەکانی دوای رووبار(الصريفيني، 138/1982-139).

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە سەدەی سێیەم و چوارمی کۆچی/ نۆیەم و دەیەمی زایینیدا، مەیلێك بۆ کردنی پۆستەکان بە بۆماوەیی لە هەندێك پۆست و پیشەدا دەرکەوت، یەکێك لەم پۆستانەش ئەرکی کارگێری دادوەری بوو، هەندیك بنەماڵە پۆستی دادوەریان بەشێوەی بۆماوەیی دەستەبەر دەکرد و توانیبویان تاڕادەکی باش پێگەیان بەسەر سیستەمی کارگێری دادوەریدا جێبهێڵن، یەکێك لەو بنەماڵانەی شاری بغداد کە پۆستی دادوەریان گرتە دەست بنەماڵەی*(الشواربي) بوون، کە بیست و چوار دادوەریان هەبووە و، تەنها لەشار بغداد هەشت دادوەری دادوەریان بەدەستەوە گرتبوو(الخطيب البغدادي، 2002،ج197/6؛ ابن حمدون،1996،ج256/6؛ ادك متز،1941، ج379/1؛ حسن منيمة، 247/1987)، هەروەها بنەماڵەی *(التنوخى) یەکێکی دیکەبوون کە بەر لە دەسەڵاتداری بووەیهیەکانیش ئەرکی دادوەریان لەئەستۆگرتبوو لەم ئەرکەش بەردەوام بوونە لەوماوەیدا(ابن الجوزي، 1992،ج9،/49؛ ابن خلكان/ 195/194/1994)، هەروەها لە هەرێمی فارس بەهەمان شێوە بنەماڵەی (أبي بردة)بە دیار کەوتون کە پۆستی دادوەری دادوەریان لەم هەرێمە لە ئەستۆگرتووە دیارترینیشان (أبا محمد عبيد الله بن ابي بردة ابو محمد القصري)مردووە دوای (382ك/992ز)(ابن البلخي، 108/2001؛ياقوت الحموي، 1993،ج1575/4؛ السيوطي، د.س،ج2/ 127)، هەرچی (ابن البلخي)یە لە باسێکیدا ئاماژە بە بنەماڵەی دادوەر (أبو نصر بن أبا محمد بن عبد الله بن أحمد الفزاري) دەکات، کاتێك باپیرەی هاوسەرگیری لەگەڵ بنەماڵەی (المرداس)یەکان دەکات، کە ناودار بوونە بەدەسەڵاتداریەوە، لە ئەنجامی ئەم هاوسەر گیریدا، کوڕێکیان دەبێت ناوی دەنێن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(عبدالله)، ئەویش پۆستی دادوەری بەمیرات لە باوکی یەوە بەسەر هەرێمی فارس وەرگرت لە بنەماڵەی دایکیەوە، لەم مێژووەوە پۆستی دادوەری سەروکایەتی لە نێو ئەم بنەماڵەیەدا سنوورداربووە، بە حوکمی میراتگری و شایستەییان (109/2001).

بەهەمان شێوە لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان پۆستی دادوەری لەنێو چەند بنەماڵەیەك ماوەتەوە بەرپرسیارەتی ئەم ئەرکە کارگێریەیان گرتۆتە ئەستۆ، یەکێك لەمانەش بنەماڵەی (الدامغان)یەکان بوون. کە دەسەڵاتداری سەلجوقیەکان لە عێراق و ئەم ئەرکەیان پێسپاردوون(ابن الجوزي، 1992،ج251/16؛ )، تەنانەت چەندین ساڵ دەسەڵاتداری ئەم بنەماڵەیە بەسەر پۆستی کارگێری دادوەرەی شاری (بغداد) مایەوە(مستوفي القزويني، 355/1387)، لەبەر ئەوەی ئەمانە لە خێزانێکی هەژارو نامۆ و بێگانە بوون لە شاری بغداد(سبط ابن الجوزي، 2004،ج401/19)، هەروەها خاوەن پێگەیەکی جەماوەری نەبوون، بۆیە ئەوەش ناچاری کردن بەردەوام ملکەچی دەسەڵاتدارانی سەلجوقییەکان بن، هەروەها ئەم بنەماڵەیە فارس بوون و وڵاتی فارس ناوەندی هێزی دەسەڵاتی سەلجوقیەکان بوو، وە بە فارسی ئاخاوتنیان دەکرد سەلجوقییەکانیش لەم زمانە تێدەگەیشتن(صفية سعادة، 110/1988)، دەرئەنجامی ئەمەش بووە هۆی دورخستنەوە و پەراوێزخستنی بنەماڵە عێراقیەکان لە پۆستی دادوەری کە لەماوەی دەسەڵاتدار ی بووەیهیەکان بەرپرسیارەتی ئەم ئەرکەیان گرتبووە ئەستۆ، سەلجوقییەکان بەئامانج ئەم کارەیان کردووە بۆ ئەوەی لەرێگەی بنەماڵەیەکی دەست و پێوەندی خۆیانەوە هەژموونی خۆیان بەسەر بەپرسیارەتی پۆستێکی گرنگی ئایینی خەلیفە دابگرن کە ئەویش بەرپرسی پۆستی کارگێری دادوەری بوو.

دیارە بەمیراتگرتنی پۆستی دادوەری تەنها لەعێراق ڕەنگی نەداوەتەوە بەڵکو لە ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان، بنەماڵەی(صاعدی) لە ناوچاکانی دوای رووبار بەدیار کەوتوون و بە میرات دەسەڵاتیان بەسەر کارگێڕی دادوەری ماوەتەوە (ابن فندمه، 443/2004، 535؛ الاصبهاني، 2019، /51؛ سبط ابن الجوزي،2004، ج19/ 12؛ الصريفيني، 138/1982، 181، 403، 673، 743).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان خەلیفە عەبباسی (القادر بالله)(381-422ك/973-1030ز) توانی بووی دەسەڵاتی دادوەری لە میری بووەیهیی وەربگرێتەوە، دوای ئەوەی میری بووەیهیی هەوڵیدەدا دەسەڵاتی دادوەری خەلیفە بەرتەسك بکاتەوە لەنێو کاندیدەکانی خۆیدا. خەلیفە (القادر بالله)(م:422ك/1030ز) توانی خۆی دەرباز بکات لە کاندیەکانی میری بووەیهیی بۆ دادوەری، بەوەی سەربەخۆ بێت لە هەڵبژادرنی دادوەرەکانی(الصابئ، 125/1964)، بۆیە هەڵسا بە پەیرەوکردنی دەسەڵاتی خۆی بە دانانی(الحسین بن علی بن جعفر بن علکان) ناسراو بە(ابن ماکولا)(420-447ك/1029-1055ز) وەك دادوەری دادوەران بە بێ دەستوەردانی بووەیهیەکان(الخطیب البغدادي، 2002،ج635/8)، ئەوەتا بۆچوونی توێژەرێك لەم بارەیەوە دەڵێت، لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان دەسەڵاتی خەلیفە لەو پەڕی لاوازیش بوایە پرس و ڕا هەر بە خەلیفە دەکرا لە دانانی دادوەر(عبد العزیز الدوري، 256/1945)، تەنانەت (ابن الطقطقي) لەم بارەیەوە ئاماژەی کردووە گووتویەتی:(( خەلیفە (القادر بالله باشترین خەلیفە بوو لە ڕۆژگاری دەسەڵاتیدا توانی ڕۆشنایی و گەشە و شکۆداری بۆ خیلافەتی عەبباسی بگەڕێنێتەوە)(280/1997)، تەنانەت خەلیفە(القادر بالله) دوایین خەلیفەی عەبباسیەکانە، کە خۆی تەرخان کرد بۆ ڕاپەراندنی کاری دادوەری، بەتایبەت ڕۆژانی دووشەممەو پێنج شەممان(ابن دحیة، 127/1946؛ ابن الفوطي،1995ج3/ 301 ).

لە ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان دادوەری دادوەران(قاضي القضاة) هەڵساوە بەدانان و دەستنیشان کردنی دادوەر بەسەر ناوچەکانەوە، هەروەك دادەوری دادوەران (أبي عبد الله الدامغاني)(م:478ك/1085ز) هەڵساوە بەدانانی دادوەر بەسەر شاری (أصبهان)(ابن أبي الوفاء،1993، ج428/1)، ئەمەش درێژەی کێشا تا لە ماوەی دەسەڵاتی سوڵتان (ملکشاه) (485ك/1092ز) شێوازێك لە (تفویض) ڕێپێدان بە دەسەڵاتی دادوەری بەدیکرا لە کارەکانیان و، سەربەخۆ لە دادوەری دادوەرانی عێراق ئەرکی دادوەری دادوەریان گرتە دەست (الصریفیني،1982/138-139). ئەمەش پێچەوانەی سەردەمی دەسەڵاتدار بووەیهیەکانە کە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیستەمی فەرمانڕەوایی وکارگێڕیدا لە عێراق و هەرێمی چیاو هەرێمی فارس دادوەری دادوەریان بەسەربەخۆ دادەنا.

**دووەم: کارو باری کارگێڕی دادوەری:**

بەرپرسی کارگێری دادوەری لەماوەی دەسەڵاتداریەتی بووەیهیەکان ڕۆڵی ئاشتەوایی و نێوەند گیری گێراوە لە نێوان دەسەڵاتدارانی بووەیهیەکان، ئەوەتا(أبو الحسن علی بن محمد الماوردي) (م:450ك/1058ز)، هەڵساوە بە دروستکردنی ئاشتەوایی نێوان (جلال الدولة)(م:436ك/1044ز) بووەیهیی و (أبو کالیجار)(م:440ك/1048ز) برازای(ابن الاثير، 1997، ج781/7)، هەروەها ئەرکێکی دیکەیان سپاردووە بە دادوەر ئەویش شاندکردن و ناردنیەتی بە باڵیۆز بۆ وەڵامدانەوەی نووسراوی نامەی پاشای ڕۆم بۆیان(الخطيب البغدادي، 2002، ج364/3؛ السمعاني، 1962، ج53/2؛ ابن الجوزي، 151/1990؛ ابن الاثير، 1997، ج386/7)، لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان ئەرکێکی تر دراوە بە دادوەر ئەویش بریتی بووە لە و بەشەسامانەی میر(عضد الدولة)(م:372ك/982ز) کە ساڵانە بۆ کاری خێرخوازی لە ناو شارەکانی سنوری دەسەڵاتی خۆی تەرخان دەکرد، فرمانی دەکرد ئەم پارەیە بە دادوەر و گەورەکان بسپێردرێت، تا ئەوانیش بەدەستی هەژاران و نیازمەندانی بگەیێنن(ابن الاثير، 1997،ج391/7)، لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان دادوەر هەڵساوە بە نێوەند گیری نێوان خەلیفە(الطائع) و میر(عضد الدولة)ی بووەیهیی دوای ئەوەی بۆ ماوەی دوومانگ ناوی خەلیفە نەدەخوێندرایەوە لە ووتارەکانی ڕۆژی هەینی لە شاری بغداد(ابن دحية، 126/1946).

بەهەمان شێوە لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان بەهۆی ئەو ڕێزە زۆرەی کە بەدادوەران و گرووپە ئاینیەکان درابوو، زۆر جار ئەرکی نێردراو و ناوبژییان گرتۆتە ئەستۆ، ئەوەتا لە ساڵی (497ك/ 1103ز) سوڵتان(برکیاروق بن ملکشاه) (م:498ك/1104ز) دادوەر (أبا المظفر الجرجاني الحنفي) و دادوەر(أبا الفرج أحمد بن عبد الغفار الهمذاني) دەست نیشان کرد بۆ دانوستان لەگەڵ سوڵتان (محمد بن ملکشاه) (م:512ك/1118ز) برای بۆ ئەوەی بکەونە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێککەوتن و کۆتایی بەناکۆکیەکانیان بهێنن(ابن الجوزي، 1992،ج85/17؛ ابن الاثير، 1997، ج493/8؛ سبط ابن الجوزي، 2004، ج528/19؛ ابن خلدون،1981، ج606/3).

کارێکی تری دادورەی بریتی بووە لە ئامادە بوونی بۆ پشتڕاستکردنەوە لە بەخشین و پێدانی گفت و دەسەڵات لە لایەن خەلیفەوە بۆ پلە باڵاکان، وەك پێدانی دەسەڵاتی حەج و سکاڵاو نەقیبی تالّبیەکان بە(الشريف المرتضى أبو القاسم الموسوي)( 436ك/ 1044ز)(ابن الجوزي، 1992، ج111/15)، هەر لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان دادوەر لە دانانی جێنشین بەسەر ناوچەکانەوە، لەگەڵ گەورە پیاوانی ووڵات ئامادەی شایەتیدان دەبوو، وەك ئەوەی (ركن الدولة)(م:366ك/976ز) بووەیهیی میری هەرێمی فارس، پاڵپشت بەئامادەبوونی دادوەر فرمان دەکات بەدابەشکردنی سنوری دەسەڵاتی ناوچەکان بەسەر کوڕەکانیدا(سبط ابن الجوزي،2004،ج479/17). لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان دادوەر ئامادەی وازهێانی خەلیفەی عەبباسی بووە و وەك شاياتیدان بەسەریەوە تۆماری کردووە، هەروەك دەستبەرداربوونی (المطيع لله)(301-364ك/913-974ز) لە خیلافەت و دانانی (الطائع لله) (م:393ك/1002ز) کوڕی لە شوێنی(سبط ابن الجوزي، 2004، ج445/17؛ الذهبي، 2006، ج408/11)، لێرەدا بووەیهیەکان بۆ بەرژەوەندی تايبەتی خۆيان، دەسەڵاتی دادوەريان بەکارهێناوە لە لادان و دانانی خەلیفەی عەبباسیدا.

لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان دەستوەردانی سوڵتانەکانیان گەیشتە ئاستی ئەوەی کە دادوەرو فقیهەکان شایەتی نادروست بدەن لەترسی جەورو ستەمی سوڵتان، ئەوەتا کاتێك سوڵتان (مسعود بن محمد بن ملكشاه) (م:547ك/1152ز) بەمەبەستی لادانی خەلیفە(الراشد بالله) (527-530ك/1132-1135ز) هەڵساوە بە کۆکردنەوەی دادوەرو فقیهەکان(قنيتو الاربلي، 274/1979)، و پابەندکردنیان بە شایتی دانی ناڕاست، کە خەلیفە(الراشد بالله) مەی خواردۆتەوە، (ابن العمراني) لەم بارەوە ئاماژەی کردووە:(( سوێند بەخوا کەسیان خەلیفەیان نەبینی بوو تەنانەت ئاوەیشی خواردبێتەوە) (222/2001؛ ابن الاثير، 1997، ج77/9؛ الذهبي، 2003، 583/11)، بەڵام هەرچی (الأزدي) بۆ چوونێکی دیکە دەخاتە روو لەم بارەیەوە ئاماژەکردووە:((کاتێك فەتوای لادانی خەلیفە (الراشد بالله) درا و پەیمانەکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵوەشێندرایەوەو کەسێکی دیکەیان لە شوێنی دانا، ئینجا فەتواو کۆنووسەکەیان خستە بەردەم سوڵتان (مسعود بن محمد) ئەویش گووتی ئەم بابەتەم بۆئێوە گواستۆتەوە، من لەبەردەم خودا بێتاوانم لیێ))(1999، ج184/2). لێرەدا ئەومان بۆ ڕوو دەبێتەوە کە دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان بەشێوازێکی جیاواز لە دەسەڵاتداری بووەیهیەکان بەتوندی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بەرپرسی کارگێری دادوەری کردووە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان لەدژی خەلیفەی عەبباسی بەکاریان هێناوە.

بە پێی ووتەی توێژەرێك وەرگرتنی پایەی خەلافەت و لێسەندنەوەی دەسەڵاتی و، ئامادە بوونی دادوەر تێایدا یەکێك نەبووە لە ئەرك و کارەکانی دەسەڵاتی دادوەری بەر لەهاتنی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان(صفية سعادة، 181/1988).

بەڵام لە دەقی دیکەدا ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێت دادوەری دادوەران لە دوای مردنی خەلیفە (الواثق بالله) لە (227- 232ك/ 841-846ز) ئامادە دەبێت لە پێدانی بەیعەت بە خەلیفەی نوێ(ابن العمراني، 115/2001؛ ابن الجوزي، 1992، ج178/11). لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕۆن دەبێتەوە کە بەر لەهاتنی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان دادوەر ئامادە بووە لەکاتی پێدانی بەیعەت بە خەلیفەی عەبباسی.

لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان بەرکەوتەو ململانی دەرکەوتووە لە وەرگرتنی ئەرکی دادوەرییدا، ئەم ململانیەی نێوان دادوەرەکان وایکردووە ئەوەی کە پۆستی دادوەری دادوەران وەردەگرێت هەڵبستێت بە ڕێگریکردن لەوەرگرتنی پۆستی دادوەری لە کوڕی دادەوری پێشوو، هەروەك ئەوەی(أبي السائب عتبة بن عبيد الله)(338- 350ك/949-961ز) ڕێگری کرد لە (أبو القاسم التنوخي)(م:342ك/953ز) باوکی (الحسن التنوخي) بەدانانی کوڕەکەی وەکو دادوەر، بەڵام بەنێوەند گیری وەزیر(أبو محمد المهلبى)(م:353ك/964ز) پاڵپشتیان دەکات لە وەرگرتنی ئەرکی دادوەری(التنوخي، 1971، ج78/4-79؛ ابن خلكان، 1994،ج2282/5)، لە هەمان کاتدا کەسانێك هەبوون، لەگەڵ ئەوەی پێشنیار کراون بۆ ئەرکی دادوەری شاری بغداد، دواکاریەکەی ڕەتکردۆتەوە بە بیانوی ئەوەی پێویستی بەم پۆستە نیە(القاضي عياض، 1981،ج194/6)، یاخود بە هۆی هەوڵدان لە دەستختنە نێوکارو باری دادوەریەوە، دەستبەرداری ئەرکەکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووە(الهمذاني، 213/1958، ابن الجوزي، 1992،ج221/14؛ سبط ابن الجوزي، 2004، ج439/17).

لە ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکانە هەوڵدان بۆ دەستهێنانی پۆستی دادوەری لەنیو دەقەکان بەرچاو دەکەوێت ئەمەش دوای مردنی دادوەری دادوەران(أبو عبد الله محمد بن علي الدمغاني)(م:478ك/1085ز) یەکێك لە کوڕەکانی لە پێناو دەستەبەرکردنی پۆستی دادوەریدا پارەیەکی زۆری بەخەلیفە(المقتدي بالله)(487ك/ 1094ز) دەبەخشیت، خەلیفەش مەیلی بەلای دانانی دەبێت وەك دادوەری دادوەران بەڵام لە بڕیارەکەی پاشگەز دەبێتەوە ئەمەش لە ترسی ئەوەی بگوترێت خەلیفە لەبەرامبەر پارە پۆستی دادوەری فرۆشتووە، بۆیە هەڵساوە بە دانانی ( أبو بكر محمد بن المظفر الشامي)(م:488ك/1095ز) بەدادوەری دادوەران(ابن الجوزي، 1992، ج241/16؛ ابن الكازروني، 218/1970).

لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان دادوەر(القاضي)یش لە لایەن میرەکانەوە لە کارەکەیان دورخراوەنەتەوە و، پابەندکراوە بەمانەوەی لەماڵەکەی خۆیدا(التنوخي، 1971،ج93/4؛ ابن الاثير، 1997، ج385/7؛ سبط ابن الجوزي، 2004، ج543/17)، بەڵام هیچ دادوەرێك لەم ماوەیەدا باس نەکراوە کەوا کوژرابێت یاخود لە بەندینخانە مردبێت(ادم متز،1941،ج385/1)، تەنانەت وەزیری بووەیهیی (محمد ابن بقية) (م:367ك/1074ز) دەستی نەپاراست لە قامچی ڕێژکردنی دادوەری دادوەران (أبو محمد عبيد الله بن أحمد بن معروف) (م:381ك/991ز)(أبو حيان التوحيدي، 408/2003)، ئەوەی تیبینی دەکرێت لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان ڕێزێکی زۆر لە دادوەر و پیاوانی ئاینی نراوە(كارلا ال كلاوسز،55/2001)، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کەوا هیچ پەرچەکردارێك بەرامبەر بەدادوەری دادوەران نەکرابێت. ئەوەتا یەکێك لە دادوەری دادوەران تۆمەتبار کرا بەوەی کە بەرامبەر دادوەرێك وەستاوە لە کارەکەی دورخرایەوە، بۆیە کاتێك داوای لێکرا جارێکی دیکە ئەم کارە بکاتەوە، ڕەتی کردەوە کە ئەم کارە بکات و ئامادە نەبوو ڕێوڕەسمی دادوەری پێشێل بکات(ابن الجوزي، 1992،ج141/18؛ ابن الجوزي، 2004، ج11/21)، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا مێژوونوس(الأصبهاني) ئاماژە بەڕووداوێك دەکات، کە دادوەری شاری (اصبهان) پایەو پێگەی زۆر بەرزبووە لای سوڵتانی سەلجوقیی، بەڵام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەسایەتێکی ستەم کاروخوێن ڕێژ بووە، تەنانەت خەڵك بۆ لەناوبردنی نەیارەکانیان پەنایان بۆ لای ئەم دادوەرە دەبرد، لەبەرامبەر پێدانی بەرتیل، تا ئەوەی تۆمەتباریان بکات، ئەمیش فەتوای کوشتنی بۆدەردەکردن....هەروەها تۆمەتی دەبەخشی بەنەیارەکانی لەلای سوڵتان و لەناوی دەبردن، تا سەرئەنجامی ئەو کارانەی سوڵتان پێدەزانێت و دەیکوژێت(146/2019، 152).

لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان وەزیری بووەیهیی (المهلبي) (م:352ك/963ز) داوای لە دادوەر(أبو بكر محمد بن عبدالرحمن) (م:367ك- 977ز) ناسراوبە(ابن قريعة) کردووە سەرپەرشتی بیناسازیماڵەکەی بۆبکات و فرمانی پێکرد کە هیچ خەرجیەك نەکرێت تاوەکو واژۆی دادوەری لەسەرنەبێت (الخطيب البغدادي، 2002، ج3/550)، بەهەمان شێوە لە ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان دادوەری دادوەران ڕاسپێردراون بە سەرپەرشتیکردن لە دروستکردنی مزگەوت و ئاواکاری ووڵات(ابن الجوزي، 1992،ج289/16؛ سبط ابن الجوزي، 2004، ج434/19)، لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان تێبینی کراوە کە ژنانیان، وەك ئەمیرە(كدنابويه)ی هاوسەری میر (شمس الدولة بن فخر الدولة) (م:413ك/1022ز) بووەیهیی دوای ئەوەی بە ڕێزەوە پەنای دادوەر (يوسف بن أحمد بن كج)(م:405ك/1014ز) دەدات، دوای ئەوە ڕۆڵی دەبێت لە پشتگیری کردن و دانانەوەی دادوەر بەسەر ئەرکەکەی خۆی بۆسەر (همذان)(سبط ابن الجوزي، 2004، 239/18). بەڵام لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان ژنان ڕۆڵیان نەبووە لە کار گێڕی کارو باری دادوەریدا.

دیارە لەماوەی خیلافەتی عەبباسی دادوەری دادوەران لەسەر مەزهەبی جۆراو جۆر بوون، بەڵام زۆربەنەیان لەسەر پەیرەوانی مەزهەبی (الحنفي) و (الشافعي) و (المالكي)بوون، بەدەگمەن لە پەیرەوانی(الحنابلة)و(الشيعة) بەدیکراوە(ألانباري، 1987/356-357)، لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان ئاساییە دەسەڵاتی دادوەری کاری گەربێت بەو ململانیە مەزهبیەی کە لە بغدادی پایتەختی خەلیفەی عەبباسی هەبووە، لە سەردەمی یەکەمی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان زۆربەی دادوەرەکان لە پەیڕەوانی (معتزلة) بوون، یان ئەوانە بوون کە بانگەشەی (معتزلة)یان دەکرد(عبدالعال، 191/2009)، لەمانەش (محمد بن عبد الرحمن بن صبر أبو بكر)(المعتزلي) لە (320- 380ك/932- 990ز)(الخطيب البغدادي، 2002، ج556/3؛ السمعاني، 1962، ج8:275؛

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ابن قطلوبغا، 266/1992)، (عبد الله بن أحمد بن معروف أبو محمد البغدادي)(المعتزلي) لە (306- 391ك/ 869- 1000ز)(الذهبي، 2003، ج522/8؛ الصفدي، 2000، ج26/17)، هەروەها لە هەرێمی چیا، بەهەمان شێوە (عبد الجبار بن أحمد بن عبدالجبار بن الخليل)(المعتزلي) (م:415ك/ 1024ز) وەك دادوەری دادوەران، بەسەر ناوچەكانی (الري) و(همذان)و(الجبال) دانراوە(الصاحب بن عباد، 42/1947؛ الرافعي، 1987،ج119/3)، ئەوەی لێرە تێبینی دەكرێت هۆكاری دانانی دادوەری دادوەران لەپەیرەوانی (المعتزلة) لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەكان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە بیرو بۆچوونیان نزیكە لە بیرو بۆچوونی پەیرەوانی مەزهەبی شیعەی زیدی(عبدالعال،2009، 213)، هەر لە پاڵ ئەمانەشدا دادوەری لە پەیرەوانی مەزهەبی دیكە ئاماژەی پێكراوە، لە دیارترین دادوەری دادوەران لەماوەی بووەیهیەكان كە لە پەیرەوانی مەزهەبی(الاشعري)بوو، یارمەتی بڵاوكردنەوەی ئەو مەزهەبەی لە بغدادو دەرەوەی دەدا و، بوو بە بەرگریكار لێ ئەمیش دادوەری دادوەران (أبو بكر محمد بن الطيب ابن محمد بن جعفر الباقلاني) مردووە لە (403ك/1012ز)(الذهبي، 2006، ج13/ 11-12؛ الصفدي، 2000، ج147/3 )، هەروەها ئاماژە بە مەزهەبی (الحنفي) كراوە لە عێراق لەمانەش دادوەر( المحسن بن علي التنوخي الحنفي)ابي الفداء، د.س/ ج122/2)، لە هەرێمی فارس دادوەری دادوەران(أحمد بن الحسين بن علي أبو حامد المروزي) مردووە لە( 377ك/ 987ز) لە پەیرەوانی مەزهەبی حەنەفی بوو(ابن الجوزي، 1992، ج323/14؛ ابن الاثير، 1997، ج417/7).

هەر لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەكان ئاماژە بە هەبوونی مەزهەبی دیكە كراوە لەنێو ئەمانەش دادوەری دادوەران(محمد بن عبد الله بن محمد بن صالح الأبهري)(م:375ك/985ز) كە لەپەیرەوانی مەزهەبی (مالك بن انس بن مالك)(93-179ك/711-795ز) بوو(الخطيب البغدادي، 2002، ج492/3؛ الصفدي، 2000،ج129/3)، هەروەها ئاماژە بە دادوەری دادوەران(أبو السائب عتبة بن عبيد الله)(م:350ك/961ز) كراوە لە پەیروانی مەزهەبی(الشافعي) وەك دەركەوێت بۆ یەكەم جار لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەكان كەسێك ئەركی دادوەری دادوەران وەربگرێت لە پەیرەوانی ئەم مەزهەبە، چونكە لە پێشوو تر كارێكی

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم شێوەیە نەکرابوو(الخطيب البغدادي، 2002، ج113/8؛ ابن الفوطي، 1995،ج309/3)، هەروەها لەکۆتایەکی ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان ئاماژە کراوە بە بەدادوەر (أبي يعلي محمد بن الحسين بن خلف الفراء)(380- 458ك/ 990- 1065ز) لەپەیرەوانی مەزهەبی(الحنابلة) بووە(ابن نقطة، 1997،ج557/4).

لەماوەی دەسەڵاتی سەلجوقییەکان، لەگەڵ هاتنی طغرلبك بۆ شاری بغداد لەساڵی (447ك/ 1055ز) (ابن ماكولا)ی داوەری دادوەرانی شاری بغداد کۆچی داویکرد، بۆیە وەزیری سەلجوقی پێشنیاری کرد بۆ خەلیفە، بەدانانی دادوەری داوەران (أبا عبد الله محمد بن علي الدامغاني)(م:478ك/1085ز) ئەمەش بەهۆی ئەوەی دەمارگیربوون مەزهەبی پێشەوا(الحنفية)( ابم الجوزي، 16،251/1992). ئەوەی تێبینی دەکرێت هاوبەشکردنی مەزهەبەکان لە کایەی دادوەری لەگەڵ خەڵکی شار یان دانیشتوانی باڵادەستی شارەکەشدا گرنگ بوو، لە شارو ناوچە گرنگەکانی ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان بەهۆی ململانی مەزهەبی و(تائفی) نێوان حەنفیەکان و شافعیەکانەوە، هەر مەزهەبێك بەدوای بەدەستهێنانی پۆستی دادوەری دادوەرانی شارێك دەگەڕا، بە گشتی دادوەری هەر شارێك بە پێی باڵا دەستی مەزهەبی دانیشتوانی ناوچەکە هەڵدەبژێردرا(خسروبیگی، 72/1394)، هەروەك ناوچەکانی دوای ڕووبار(بلاد ماوراء النهر) کە دادوەری دادوەرانی لەپەیریوانی (الحنفية)بوون (الصريفيني،138/1982-139)، هەروەها لە(أصفهان) دادوەری لەپەیرەوانی مەزهەبی (الحنفية)بوون(ابن الجوزي، 17،194/1992)، هەروەها لە عێراق دوای مردنی دادوەری دادوەران( أبو عبد الله الدامغاني) (محمد بن المظفر بن بكران الشامي)(م:488ك/1095ز) ئەرکی دادوەری دادوەرانی گرتە دەست لە پەیرەوانی مەزهەبی( الشافعي) بوو(الذهبي، 2003،ج615/10)، ئەوەتا(ابن العديم) بەم شێوەیە ئاماژەدەکات لەك بارەوە گووتویەتی:((وەزیر(نظام الملك) پۆستی دادوەری زیاتر داوەتە پەیرەوانی مەزهەبی (الحنفية) پۆستی فێرکردنی (النظامية) ی داوە بە پەیرەوانی مەزهەبی( الشافعی) بۆ زیادکردنی فقهی شافعی))(ابن العديم، د.س،ج2494/5؛ هندوشاه نخجواني، 277/1313)، تەنانەت دەگوترێت دروستکردنی فێرگەی (النظامية) لەلایەن (نظام الملك) بۆ پەیرەوانی (الشافعية)كان بوو(ابن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الجوزي،102/1992،16)، ئەوەی تێبینی کراوە تا کۆتایەکانی ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان باڵادەستی دادوەری لە پەیرەوانی مەزهەبی (الحنفية) ئاماژەی پێکراوە لە ناوچەکانی چیا و (الري) و( اصفهان) زۆربەی ناوچەکانی سنووری دەسەڵاتیان(ابن الاثير، 17/1997،10).

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان بۆ یەکەم جار دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێکردن(التنفيذي) لەدەستی کەسێکدا کۆکرایەوە، بەمەش روو بەرووی ناڕەزایەتی خیلافەت بوویەوە، بەو پێیەی ئەمە دەرچوونە لە شەرع(ابن الجوزي، 1992،ج177/17)، وەك دانانی دادوەری دادوەران (أبا عبد الله الدامغاني) بۆ دووجار بە وەزیر(ابن الجوزي، 1992،ج251/16؛ سبط ابن الجوزي، 2004،ج401/19). هەرچی ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکانە هیچ رووداوێکی هاوشێوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان رووینەداوە بەوەی کەوا دادوەر ئەرکی وەزارەتی پێسپێردرابێت.

لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان وەك هاتووە کەوا سیستەمی کارگێری دادوەری لە هەرێمی فارس لەسەر هەمان شێوەی سیستەمی کارگێری بغداد رێکخراوە، تەنانەت ئەگەر هاتوو بەڵگە نامەیك پێش سەد ساڵ نووسرابێتەوە، ئەوا نوسراوێکی لەبەرگیراوی لە تۆمارەکانی ئەنجومەنی دادوەری هەڵدەگیرا (ابن البلخي، 109/2001). لەلایەکی دیکە لە (ابن البخلي) هاتووە کەوا هەریەکە لە (أبا الحسن بن أبا محمد بن عبد الله بن أحمد الفزاري) و(أبو نصر بن أبا محمد بن عبد الله بن أحمد الفزاري) لەگەڵ ئەوەی کەوا برابوونە هاوبەش (شريك) بوونە لە بەرێوەبردنی کارگێری دادەوەری لە هەرێمی فارس(ابن البلخي،108/2001)، ئەگەر چی نووسەر زانیاری زیاتری نەخستۆتە ڕوو دەربارەی کاری هاوبەشیەی نێوان ئەم دوو دادوەرە. بەڵام بە پێ کتێبێ ئەحکامە شەرعییەکان بێت ئەم شێوازە کارە هاوبەشیە رێگە پێدراوە (الماوردي،د.س/41-142)، هەرچی ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکانە ئەوا هیچ یەکێك لەو سەرچاوانەی بەردەستمان بەم شێوەیە ئاماژەی بە کاری هاوبەش (شريك)ی نێوان دادوەری نەکردووە لەبەڕێوەبردنی ئەرکی کارگێرییاندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم: مووچەی دادوەری:**

وەرگرتنی پاداشت لە ئەركی دادوەری وەك هەر ئەركێكی تر شتێكی ڕێگە پێدراوە، جا ئەم كرێ وپاداشتە بۆ سالێك بێت یا زیاتر بەساڵێك بێت(الماوردي، د.ت/274-275) بێگومان هەموو دادوەرەكان خۆیان لە ڕەتكردنەوەی پاداشتی ئەركە كارگێریەكەیان بەدوور نەگرت بۆ ئەوەی گومانیان لێنەكرێت، ئەوەتا دادوەر(أبو القاسم التنوخي)(م:342ك/953ز) هەموو مانگێك بڕی (60)شەست دیناری پاداشتی ئەركەكەی بووە لە بغداد(یاقوت الحموي،1993،ج1846/4)، بەڵام كاتێك (أبو الحسن محمد بن صالح بن أم شیبان) دوای ئەوەی ڕادەسپێردرێت بە وەرگرتنی ئەركی دادوەری لە بغداد، چەند مەرجێك دادەنێت بەسەر خۆی لە وەرگرتنی ئەركی دادوەری، ڕەتكردنەوەی پاداشتی شیاوی ئەركەكەی و، (خلع) و پۆشاكە جوانكاریەكان كە شەرع بەدروستی دانەنابێت، هەروەها ڕەتكردنەوەی ڕولێنان و تكاكردن لیی(مسكویه،2002،ج238/6؛ الهمذاني،213/1958؛ ابن الجوزي،1992، ج221/14؛ الذهبي، 2003،ج180/8-181)، هەروەها بەدرێژایی ئەركی دادوەری بنەماڵەی (أبو نصر بن أبا محمد بن عبد الله بن أحمد الفزاری) لە فارس هیچ بڕە پارەیەكیان بەرامبەر بەم ئەركە وەرنەگرتووە(ابن البلخي،109/2001)، بەهەمان شێوە لە ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەكان ئەوە بەدیكراوە. كەوا دادوەری داوەران(أبو بكر محمد بن المظفر الشامي)(م:488ك/1095ز) ڕەتیكردەوە لەبەرامبەر ئەركەكەیدا هیچ بڕە داهاتێك وەربگرێت(الذهبي، 2006،ج140/14؛ 2003،ج616/10؛ د.س،ج359/2)، تەنها داهاتی خۆی بەكار دەهێنا كەبرەكەی دینارو نیوێك بوو (سبط ابن الجوزي، 2004، ج477/19-478؛ الذهبي،2003،ج616/10)، جگە لەمانە داوای كرد كە بڕە پارەیەكی دیاریكراو لە ماڵ و دارایی وڵات بدرێت بە هاوكارەكانی لە ئەركە كارگێریەكەیدا. وەك بڕی سێسەد درهەم بۆ نووسەرەكەی و، بڕی سەدو پەنجا درهەم بۆ پەردەدارەكەی و، بڕی شەش سەد درهەم بو خازنی دیوان و دارو دەستەكەی كە لە گەنجینەوە بگاتە دەستیان (الهمذاني،213/1958؛سبط ابن الجوزي، 2004، ج439/17).

هەروەها (ابو بشر عمر بن اكثم بن أحمد الفقیه الشافعي)(م:357ك/967ز) بەر لەوەی پۆستی دادوەری وەربگرێت مەرجی ئەوەی دانا لەسەر خەلیفەو میری بووەیهیی دەستوەردان

لەکاروباری دادوەری نەکەن، تەنانەت بێی مووچە ئەو کارەدەکات(الكندي، 573/1908؛ الزركلي،ج162/6)، تەنانەت(نظام الملك) (م:485ك/1092ز) وەزیری سەلجوقی (نظام الملك) لەم بارەیەوە گووتویەتی:(( دادوەرەکان نوێنەری سوڵتانن لەکاروباری دادوەریدا))(82/2007)، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سیستەمی کارگێری دادوەری لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان خراونەتە ژێر دەسەڵاتداری هەژموونی سەلجوقییەکان، ئەم ماف بەخۆدانەی سەلجوقییەکان لەدەست بەسەرداگرتنی دەسەڵاتی ئایینی خەلیفە دەتوانین بڵێن بەهۆی ئەوەوە بووە کە خۆیان بەپارێزەری سونی مەزهەب دادەنا. ئەوەی تێبینی کراوە لە ماوەی هەردوو دەسەلاتدا وێکچوون و هاوشێوەیەك بەدیکراوە لە وەرگرتنی موچەو پاداشت ڕەتکردنەوەیان لەلایەن دادوەرەوە لەبری ڕایکردنی ئەرکی دادوەریاندا.

ئەنجام:

- لەم توێژینەویەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە میری بووەیهیی لەگەڵ خەلیفەی عەبباسی هاوبەشی لە دامەزراندنی دادوەرەکان کردووە، بە هەمان شێوە (شیراز)ی پایتەختی بووەیهیەکانی فارس فرمانی دامەزراندنی دادوەری بۆ بغدادی خیلافەی عەبباسی دەرکردووە، کە لە پێشووتردا بغداد فەرمانی دامەزراندنی بۆ هەموو هەرێمەکان دەردەکرد. بەهەمان شێوە ڕاستەوخۆ دوای هاتنی سەلجوقییەکان بۆ عێراق دەستوەردانی وەزیری سەلجوقییەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆکی دادوەری دادوەران بەدیکراوە.
- لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان دادوەر ئامادەی وازهێنانی خەلیفەی عەبباسی بووە و وەك شایاتیدان بەسەریەوە تۆماری کردووە، هەروەك دەستبەرداربوونی (المطيع لله) لە خیلافەت و دانانی (الطائع لله) کوڕی لە شوێنی، لە کاتێکدا دادوەری بەر لەهاتنی دەسەڵاتداری بویهیەکان ئەم دەسەڵاتەیان نەبووە، لێرەدا بووەیهیەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، دەسەڵاتی دادوەریان بەکارهێناوە لە لادان و دانانی خەلیفەی عەبباسیدا. هەرچی ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکانە دەست وەردانی سوڵتانی سەلجوقی گەیشتە ئاستی ئەوەی کە دادوەرو فقیهەکان شایەتی نادروست بدەن لەترسی جەورو ستەمی سوڵتان، ئەوەتا کاتێك سوڵتان (مسعود بن محمد بن ملكشاه) بەمەبەستی لادانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خەلیفە(الراشد بالله)(527-530ك/1132-1135ز) هەڵساوە بە کۆکردنەوەی دادوەرو فقیهەکان، و پابەندکردنیان بە شایتی دانی ناڕاست.

- لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان بۆ یەکەم جار لە مێژووی دادوەریدا لە بری وەرگرتنی ئەرکی دادوەری بەرامبەر بە بڕێك پارە بکرێت ئەویش لەماوەی (معز الدولة) بووەیهیی. ئەمەش ئەوە دەردەخات کەوا میرە بووەیهیەکان لە سەرەتای دەسەڵاتیان دەستیان خستۆتە نێو کارو بارەکانی دادوەریەوە لە هەندێك بابەتی ئەنجومەنی دادوەریەوە، بەمەش لە قۆناعی یەکەمی ماوەی دەسەڵاتی بووەیهیەکان تا ساڵی(352-963ز) جۆرێك لە گەندەڵی و بەرتیل دان بوونی هەبووە. هەرچی ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکانە لەگەڵ ئەوەی دەست خستنە نێو کارو باری دادوەری بەدیکراوە بەڵام هیچ ئاماژەیەك نیە بەرامبەر بە بڕێك پارە کڕێن و فرۆشتنی بە ئەرکی دادوەریەوە کرابێت.
- دەسەڵاتی دادوەری لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان سەربەخۆی خۆی پاراست هەرچەندە بنەماڵە دادوەریەکانی بغداد بەردەوام لە کێبڕکێ دابوون لەگەڵ یەکتر بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی دادوەری، وەك ئەوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان نەیان توانی بنەماڵەیەکی شیعە مەزهەب لەسەرۆکایەتی دادوەری دابنێن. کەچی لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکاندا وا روویدا کەوا (الکندري) وەزیری سوڵتان (طغرلبك) بڕیاربدا بنەماڵەیەکی دەرەوەی بغداد وەك (الدامغان) یەکان سەر بەمەزهەبی (الحنفي) بهێنێت بۆ بغداد و ئەرکی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی دادوەری پێی بسپێردرێت، بەم شێوەیە سەلجوقییەکان لەم شوێنە سەرکەتووبوون کە بووەیهیەکان تێدا شکستیان هێنا بەوەی کەوا ئەو بنەماڵەیە بۆماوەیەکی زۆر ئەرکی سەرۆکایەتی دادوەری لەدەستیان بمێنێتەوە.
- لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان ناوچەکانی هەرێمی چیا، سیستەمی فەرمانڕەوایی وکارگێری سەربەخۆ بوو جیا بوو لە هەرێمی فارس و عێراق، هەروەك (مؤيد الدولة) میری بووەیهیی لەکاتی دانانی ئەرکی دادوەری، ڕاستەو خۆ بەفرمانی خۆی بە بێی گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی خەلیفە فرمان دەکات بە دانانی دادوەر بەسەر ناوچەکانی هەرێمی چیاوە. دواتر (صمصام الدولة) میری بووەیهیی دەستەواژەیەك زیاد دەکات، بۆ پۆشینی دانان و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دامەزراندنی دادوەر بە بەرگێکی شەرعیەوە کە ئەویش دەستەواژەی بەفرمانی ئەمیری باوەڕدارانە. هەرچی ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکانە ئەوا سوڵتان و وەزیر دەستیان هەبووە لە دانانی دادوەری بەسەرناوچەکان و جیاواز لە بەڕێوەبردن و کارگێری بغدادی پایتەختی خیلافەنەوە تەنانەت بەبێی گەڕانەوەو بۆ دەستەواژەی بەفرمانی ئەمیری باوەڕداران.

- ئەومان بۆ روون دەبێتەوە کەوا دەسەڵاتداری بووەیهیەکان و سەلجوقییەکان لەماوەی فەرمانڕەوایی و کارگێرییاندا بەسەر بەشێك لەناوچەکانیانەوە نەگەڕاونەتەوە بۆ پرس و ڕاوێژ بە خەلیفە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جگە لە سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی توانیویانە دەست بگرن بەسەر لایەنی ئایینی خەلیفە ئەویش بە دانان و دەست نیشانکردنی ئەرکی دادوەری بەسەر ناوچەکانی سنوری دەسەڵاتیان.

**پەراوێزەکان:**

1-(التنوخي): دەگەڕێنەوە بۆ (حسان بن سنان بن أوفى بن عوف أبو العلاء التنوخي الانباري) لە پەیرەوانی ئاینی مەسیحی بووە دواتر بۆتە ئیسلام و بەزمانەکانی عەرەبی و فارسی و سریانی دەینوسی، لە نەوەکانی ژمارەیەکی بەرچاویان بوون بە دادوەرو فەقیهی و نووسەرو زاهید، لەساڵی (180ك-796ز) لە تەمەنی سەدو بیست ساڵی کۆچی دوایی دەکات. الخطیب البغدادي،2002، ج9، /171، ابن الجوزي، 1992، ج9، /49، ابن خلکان،1994، ج2/ 194، 195.

2-(الدامغاني):دەگەڕێنەوە بۆ (محمد بن علی بن الحسين بن عبد الملك بن عبدالوهاب بن حمويه ابو عبد الله الدامغانی، دوای مردنی (أبی عبد الله بن ماکولا) لە ساڵی(447ك/ 1055ز)ئەرکی دادوەری دادوەرانی پێسپێردرا لە عێراق لەلایەن سەلجوقییەکانەوە، دوای خۆشی لەنێو بنەماڵەکەی لە بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە بەردەوام بوونە تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان، تا ساڵی (630ك/ 1232ز)ئاماژەیان پێکراوە لە بەڕێوەبردنی ئەرکی کارگێڕی دادوەریەوە.( سبط ابن الجوزي، 2004، ج21/ 267؛ الذهبي، تاريخ الاسلام،2003 ج13/ 944/أبن أبي الوفاء، 1993، ج3/ 584).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3-الاشعري: پەیرەوانی ئەم مەزهەبە دەگرێنەوە بۆ(على بن إسماعیل بن إسحاق أبو الحسن الاشعري) کە دامەزرێنەری قوتابخانەی کەلامی ئەشعرییە لە ساڵی (260ك/874ز) لە شاری بەصرە لەدایك بووە، لە (324ك/936ز) مردووە. الخطيب البغدادي، 2002، ج260/13).

4-مالیکي: ناوی تەواوی (أبو عبد الله مالك بن أنس بن أبی عامر بن عمرو بن الحارث) یەکێکە لە پێشەوایانی اهلی سوننە، لە ساڵی(95ك-713ز) لەدایك بووە، یەکێکە لە پێشەواکانی فەرموودە ناسی لە ساڵی (176ك-792ز) مردووە. ابن خلكان، 1994، ج4، /134، 135، 136).

5-الحنفية (أبو عبد الله مالك بن أنس بن أبی عامر بن عمرو بن الحارث) یەکێکە لە پێشەوایانی سوننە، لە ساڵی(95ك-713ز) لەدایك بووە، یەکێکە لە پێشەواکانی فەرموودە ناسی لە ساڵی (176ك-792ز) مردووە. (ابن خلكان، 1994،ج4/135-136).

**لیستی سەرچاوەکان:**

**1/ القرآن الكريم :**

**2/ سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی عەرەبی (المصادر العربية):**

1. ابن الاثير،عزالدين علي محمدبن عبدالكريم (1997م)، الكامل في التاريخ، تحقيق، عمر عبد السلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت.
2. ادم متز: (1941م)، الحضارة في القرن الرابع الهجري، ترجمة، محمد أبو عبدالهادى، أبو ريدة،ط5، دار الكتاب العربي، بيروت.
3. الاصبهاني: أبو عبد الله عمادالدين محمد بن صفي الدين الأصبهاني(2019م)، نضرة الفترة وعصرة الفطرة، تحقيق، عبدالله عبدالرحيم السوداني، الناشر جامعة الكوفة. لبنان.
4. ابن بلخي: أبو زيد أحمد بن سهل البلخي(2001م) فارس نامه، حققة وترجمة، يوسف الهادي، الدار الثقافة، القاهرة.
5. البنداری: الفتح بن على بن محمد البنداري(1900م)، تاريخ دولة ال سلجوق، طبع على نفقه شركة العربية، مصر.
6. البيهقي: أبو الفضل محمد بن حسين البيهقي(1999م)،تاريخ البيهقي،ترجمة، يحيى خشاب، صادق نشات، دار الطباعة الحديثة،مصر.

7. ابن تغري بردي: أبو المحاسن جمال الدين يوسف(2009م)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، دار الكتب، مصر.
8. التنوخي: المحسن بن محمد بن علي بن محمد(1971م)، نشوار المحاضرة وأخبار المذاكرة،د.م.
9. أبو حيان التوحيدي: علي بن محمد بن العباس(2003م) الإمتاع والمؤنسة، المكتبة العنصرية، بيروت.
10. ابن جوزي: أبو الفرج عبدالرحمن بن على(١٩٩٢)، المنتظم في تاريخ الأمم والملوك،تحقيق، محمد عبدالقادر،مصطفى عبدالقادر،دارالكتب العلمية، بيروت؛ (2007م) شذور العقود في تاريخ العهود، تحقيق، أبو الهيثم الشهباني و أحمد عبد الكريم، مركز نجيبوية للمخطوطات وخدمة التراث، دم؛ (1990م)، الاذكياء، ط2، تحقيق، الشيخ عبد الرحمن ديب حلو، دار إحياء العلوم، بيروت.
11. حسن منيمة: (1987م)، تاريخ الدولة البويهية السياسي والاقتصادي والاجتماعي والثقافي 334-447هـ/ 945-1055م، دار الجامعية، د.م.
12. ابن حمدون: محمد بن الحسن بن محمد بن علي بن حمدون(1996م)، التذكرة الحمدونية، دار صادر، بيروت.
13. الخطيب البغدادي: ابو بكر أحمد بن على بن ثابت(2002م)، تاريخ بغداد، تحقيق، بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي، بيروت.
14. ابن خلدون: عبدالرحمن بن محمد بن جابر بن خلدون(1981م)، العبر من ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، ضبط المتن وووضح الحواشي والفهارس، خليل شحادة، دار الفكر، بيروت.
15. ابن خلكان: شمس الدين أبو العباس أحمد بن إبراهيم(1994م)، وفيات الاعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق، إحسان عباس، دار صادر، بيروت.
16. ابن دحية: أبو الخطاب عمر بن على حسين(1946م)، النبراس في تاريخ خلفاء بني العباس،صححه وعلق عليه، عباس العزاوي،مطبعة المعارف، بغداد.
17. الذهبي: الحافظ شمس الدين أبو عبد الله محمد بن احمد(2003م)، تاريخ الاسلام ووفيات مشاهير وألاعلام، تحقيق، بشار عواد، دار الغرب الإسلامي، بيروت؛ (2006م)سير اعلام النبلاء، دار الحديث، القاهرة؛ (د.س)، العبر في خبر من غبر، تحقيق، أبو هاجر محمد السعيد، دار الكتب العلمية، بيروت.
18. الرافعي: عبدالكريم بن محمد بن عبدالكريم أبو القاسم(1987م)، التدوين في أخبار قزوين، تحقيق، عزيز الله العطاردي، دار الكتب العلمية، بيروت.

19. ابن رجب: عبدالرحمن بن احمد بن رجب(2005م)، الذيل على طبقات الحنابلة، تحقيق، عبد الرحمن بن سليمان، مكتبة العبيكان، الرياض.
20. الزركلي: (2002م)، الأعلام، دار العلم للملايين، بيروت.
21. سبط ابن الجوزي: أبو المظفر شمس الدين يوسف بن قزو اغلى(2013م)، مرآة الزمان في تواريخ الآعيان، تحقيق، محمد بركات،كامل محمد، دار الرسالة العلمية، دمشق.
22. سعاد هادي: شيماء فاضل: (2010م)دراسات في تاريخ الاسلامي (ق 3- 7هـ/ 9_ 13م)، دار ومكتبة عدنان، بغداد.
23. السمعاني: أبو سعد عبدالكريم بن محمد بن منصور التميمي(1962م)، الأنساب، تحقيق، محمد ألطاف حسين، مجلس دائرة المعارف العثمانية،الهند.
24. السيوطي: عبدالرحمن بن أبي بكر جلال الدين السيوطي(د.س)، بغية الوعاة في طبقات اللغويين والنحاة، تحقيق، محمد ابو الفضل، المكتبة العصرية، لبنان؛ (2004م) تاريخ الخلفاء، تحقيق، حمدي الدمرداش،مكتبة نزار مصطفى الباز، مكة.
25. الشيرازي: أبو إسحاق إبراهيم بن على الشيرازي(1970م)، طبقات الفقهاء، تحقيق، إحسان عباس، دار الرائد، بيروت .
26. الصابئ: أبو الحسن بن أبي إسحاق الصابئ(1986م)، رسوم دار الخلافة،تحقيق، ميخائيل عواد،ط3، دار الرائد العربي، بيروت.
27. الصاحب بن عباد: أبو القاسم إسماعيل بن عباد بن عباس(1947م)، رسائل، صححها وقدم، عبدالوهاب عزام، شوقي ضيف، دار الفكر العربي، القاهرة.
28. الصريفيني: أبو إسحاق إبراهيم بن محمد بن ألازهر(1982م)، تاريخ نيسابور المنتخب من السياق، تحقيق، محمد كاظم المحمودي، الناشر جماعة المدرسين في الحوزة العلمية بقم، إيران.
29. الصفدي: صلاح الدين بن خليل بن ايبك بن عبد الله(2000م)، الوافي بالوفيات، تحقيق، أحمد الأرناؤوط وتركي مصطفى، دار إحياء التراث، بيروت.
30. صفية سعادة(1988م)، من تاريخ بغداد الاجتماعي تطور منصب قاضي القضاة في الفترتين البويهية والسلجوقية، دار أمواج، د.م.
31. عبد الرزاق علي الانباري: (1987م)، منصب قاضي القضاة في الدولة العباسية منذ نشأته حتى نهاية العصر السلجوقي، الدار العربية للموسوعات، بيروت.

32. عبدالعزيز الدوري: (1945م)،دراسات في العصور العباسية المتأخرة، مطبعة السريان، بغداد.
33. ابن الطقطقي: محمد بن على طباطبا الطقطقي(1997م)، الفخري في الآداب السلطانية والدول الاسلامية،تحقيق،عبدالقادر محمد مايو،دار القلم العربي، بيروت.
34. طة حسين عبدالعال: (2009م)، القضاة في بغداد إبان العصر البويهي ( 334- 447هـ/ 945-1055م)، شركة نوابغ الفكر( القاهرة:).
35. ابن العديم: كمال الدين أبو القاسم عمر بن هبة الله(د.س)، بغية الطلب في تاريخ الحلب، تحقيق، سهيل الزكار، دار الفكر، دمشق.
36. ابن العمراني: محمد بن على بن محمد(2001م)، الإنباء في تاريخ الخلفاء، تحقيق،قاسم السامرائي، دارالأفاق العربية، القاهرة.
37. أبوالفداء: عمالدين إسماعيل بن على بن محمود بن شاهنشاه بن أيوب(د.س)، المختصرفي أخبار البشر، المطبعة الحسينية المصرية،مصر.
38. ابن الفوطي: عبدالرزاق بن أحمد بن محمد بن أحمد الصابوني(1995م)، مجمع الآداب في معجم الآلقاب، تحقيق، محمد الكاظم، وزارة الثقافة والإرشاد الإسلامي،ايران.
39. قاضى عياض: أبو الفضل قاضي عياض بن موسى (1981م)، ترتيب المدارك وتقريب المسالك، تحقيق، سعيد أحمد،مطبعة فضالة، المغرب.
40. القرماني: أحمد بن يوسف القرماني(1992م)، أخبار الدول وأثار الأول في التاريخ، تحقيق، أحمد حطيط، فهمي سعد، عالم الكتب، بيروت.
41. ابن قطلوبغا: أبو الفداؤ زين الدين ابو العدل قاسم(1992م)، تاج التراجم، تحقيق، محمد خير رمضان، دار القلم، دمشق.
42. القلقشندي: أحمد بن علي بن أحمد الفزاري(1985م)، مآثر الإناقة في معالم الخلافة، تحقيق، عبد الستار أحمد، مطبعة حكومة الكويت، الكويت.
43. ابن قنيتو الاربلى: عبدالرحمن سنبط قنيتو الاربيلى(1979م)، خلاصة الذهب المسبوك مختصرمن سير الملوك، تصحيحه، مكتبة المثنى، بغداد.
44. كارلا ال كلاوسز:( 2001م)، دراسة في الادارة المدينة في العصر العباسى، الوزارة إنموذجا 447هـ/1055- 590هـ/ 1194،ترجمة،عبد الجبار الناجي، بيت الحكمة، بغداد.

45. ابن كازروني:ظهيرالدين على بن محمد البغدادي(1970م)، مختصر التاريخ من أول الزمان الى منتهى دولة بني العباس، تحقيق، مصطفى جواد، مؤسسة العامة للصحافة والطباعة، بغداد.
46. ابن كثير: ابو الفداء إسماعيل بن كثير(1997م)، البداية والنهاية، تحقيق، عبدالله عبدالمحسن التركي، دارهجر للطباعة والنشروالتوزيع والإعلان، مصر.
47. الكندي: أبو عمر محمد بن يوسف الكندي(1908م)، الولاة وكتاب القضاة، ذيل تال، مهذبا ومصححا، رفن كست، مطبعة الاباء اليسوعين، بيروت.
48. الماوردي: نورالدين أبي الحسن علي بن محمد(د.س) الاحكام السلطانية والولايات الدينية، تحقيق، نبيل عبدالرحمن حياوي، دار الارقم أبي الآرقم، بيروت.
49. مسكويه: أبو علي مسكويه الرازي(2000م)، تجارب الامم وتعاقب الهمم ،تحقيق، أبوالقاسم إمامي، ط2، الناشر سروش، طهران.
50. ادب القاضي، تحقيق، يحيى هلال السرحان، مطبعة الارشاد(بغداد:1971م).
51. ابن النديم: ابو الفرج محمد بن غسحاق بن محمد الوراق(1997م)، الفهرست، تحقيق، إبراهيم رمضان، دار المعرفة، بيروت.
52. نظام الملك الطوسي: الحسن بن علي بن إسحاق الطوسي(2007م)
53. سياست نامه،ترجمة، يوسف بكار، دار المناهل، بيروت.
54. ابن نقطة: أبو بكر محمد بن عبالغني البغدادي(1997م)، تكملة الاكمال، تحقيق، عبد القيوم عبد رب البي، جامعة ام القرى، السعودية.
55. النويري: أحمد بن عبدالوهاب بن محمد عبد الدائم القريشي(2002م)، نهاية الأرب في فنون الأدب، دار الكتب الوثائق القومية، القاهرة.
56. الهمذاني: محمد بن عبدالملك بن إبراهيم بن أحمد(1958م)، تكملة تاريخ الطبري،تحقيق،البرت يوسف كنعان،المطبعة الكاثوليكية، بيروت.
57. ابن أبى الوفاء: محي الدين أبو محمد عبدالقادر بن محمد(1993م)، الجواهر المضية في طبقات الحنفية،ط2، تحقيق، عبد الفتاح محمد، دار الهجر للطباعة، القاهرة.
58. المجهول: (2006م)، تاريخ نيسابور (طبقة شيوخ الحاكم)، تحقيق، أبي معاوية مازن بن عبد الرحمن، دار البشائر الإسلامية، بيرون.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

59. ياقوت الحموي: شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله(1993م)، معجم الأدباء، تحقيق، إحسان عباس، دار الغرب الإسلامي، بيروت؛ (1995م) معجم البلدان، ط2، دار صادر، بيروت.
60. أبى يعلى الفراء: أبو يعلي بن محمد بن الحسين بن محمد(2000م)، الاحكام السلطانية للفراء، صححه وعلق عليه، محمد حامد الفقي، دار الكتب العلمية، بيروت.
61. سەرچاوەی ڕەسەن بەزمانی فارسی:
62. مستوفی القزوينى: جمد الله بن ابي بكر بن محمد بن نصر (1387هـ.ش)، تاريخ گزيده، بأهتمام،عبدالحسين نوائى،مؤسسة انتشارات اميركبير، تهران.
63. هندوشاه: هندوشاه بن سنجر بن عبدالله نخجوانى(1313 هـ.ش)، تجارب السلف، تصحيح واهتمام، عباس اقبال، مطبعة فردين، طهران.

**گۆڤار به زمانی فارسی:**

64. هوشنگ خسروبيگى: هادى بكائيان: (1394 هـ.ش)، منصب قاضي در ايالات عصر سلجوقي، مطالعات تاريخ فرهنگى،سال ششم، ژماره بيست و چهارم، تابستان.

---

# Organization of Judicial Administration and Management during the Buyid and Seljuk Rule between the years (334-447 AH/945-1055/447-590 AH/1055-1191 AD)

## The Study Method Is Comparative and Analytical

**Asst. Lect. Hoshmand Bapir Othman**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: hoshmand.othman@su.edu.krd

**Prof. Dr. Ako Burhan Mohammed**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: ako.muhamad1@su.edu.krd

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

***Keywords***: *Buwahid, Saljuk, Prince, Sultan, judicial.*

## Abstract

This research is entitled (Organization of Judicial Administration and Management during the Buyid and Seljuk Rule between the years (334-447 AH/945-1055/447-590 AH/1055-1191 AD) in Iraq and Iran. This study introduces us to the system of governance and administration of both powers and presents their management, by highlighting the system of governance and judicial administration and presenting the different aspects of their management. This study emphasizes the linguistic and terminological introduction of the judiciary, as well as the ceremonies of their appointment, election conditions and judicial affairs. It analyses the responsibilities of the judiciary during both the Buyid and Seljuk rule in terms of their salaries, rewards and judicial duties. The study method is comparative and analytical.

## (النظام القضائي وكيفية إدارتها في عهد السلطتين البويهية و السلجوقية في العراق وايران خلال فتره (334-590هـ/945-1055م)،

**الملخص:**
تتناول تطور السلطة القضائية والنظام المتبع فيها من قبل السلطتين البويهية والسلجوقية من خلال تسلط الضوء على كيفية إدارة هذا المنصب ومدى رعاية السلطان لها وبيان مقارنتها ببعض، في سياق البحث قمنا بالتعريف بالقضاء وبيان أهميتها وكيفية اختيار القضاء ومراسم توليتهم وكيفية أدارة مهامهم و واجباتهم ورواتبهم ومكافئاتهم، وفي ختام البحث عرضنا أهم النتائج والمصادر المستفدت، وقد اتبعنا اسلوب المقارنة والتحليل في منهجنا.